کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:49 8-12-2007

## شێواندن و لەگۆڕنانی سەرو سیمای هونەری کوردی بۆ!!؟ ... بەختیارجاف

bextyarjaf@yahoo. com



خراپ نیە گەر ناوەناوە ئاورێك لەڕابردوو بدەینەوە و سەرنجێك بدەین لەوەی ئێمە چیمان كردووە و خاوەنی چی بووینە، بێگومان هەموو ڕابردوویەكیش هەگبەیەكی پڕە و مرۆ دەتوانی تێیدا ئەوەی مەبەستیەتی بیدۆزێتە، چونكە ئەوانەی وەك ئێمەش بوونە لەڕابردوودا هەمانوبست و ئارەزووبان هەبووە، كەوایە هەمیشە مرۆڤ دەبێت ئاوڕ لەڕابردوو بداتەوە داخۆ چی هەیە بۆ ئەوەی داهاتووی لی ڕوناك بكات و بەردەمی خۆی بەچاكی ببینێت، بەڵام داخەكەم كەم جار هەیە ئێمە مانان نەك ئاوڕ بگرە تیچاوێكیشمان نەداوەتە ڕابردوو و مێژوی دووردرێژی نەتەوەكەمان، لێرەدا نامەوێت بچمە ناو ئەو باسەوە بەقوڵی ئەوەندەی دەمەوێت بگەڕێمە سەر ئەسڵی مەبەستەكەم، ئەویش شێواندن و لەگۆڕنانی سەرو سیمای هونەری كوردی و تێكدانی سەلیقەی كەلتوری نەتەوەكەمە.

بەڕاستی ئەم چەندساڵەی ڕابردوو ئەوەی چەندین ساڵە دوژمنانی گەلەكەمان پێی نەكرا بیكات، بەشێك لە بەناو هونەرمەندان كەلەمرۆماندا ناوبانگی قەبەو زلیشیان هەیە لەناوەندی تێكدان و تەشویهكردنی زەوقی كوردی، كردیان و ئەوەی هەبوو لەڕابردووە و هەوڵێك بوو بۆ بۆ ئایندە لەگۆڕیان ناو درێخیشیان نەكرد، چونكە ئەگەر زەمانێك بوو نەدەخوازرا گوێی لەگۆرانی توركی و عەرەبی و تەنانەت فارسیش بگیرێت، كەهەموو هەولی ئەوانیش دزین و دووبارە تۆماركردنەوەی ئاوازەكانی كوردی بوون بۆئەوەی ئێمە گوێی لێبگگرین و هەولدەین تێیبگەین، كە بێگومان ئەمەش مەبەستێكی سەرەكی ئەوان بوو، چونكە هەوڵەكانی ئەوانی ئاسانتر دەكرد بۆ تەتریك و تەعریبكرددنمان مێژووی نزیكامان شایەدی ئەوەن بۆ ئەم ئامانجە دوژمنانمان چی هەوڵێكیان داوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەوڵێكی جدی بوو بۆ لەبیرچوونەوەی فەرهەنگ و كەلتوری خۆت و خۆهەڵواسین بە كەلتورو ڕەنگ و سیمای ئەوان و شانازی كردن بە گگۆڕینی ڕەچەڵەك و بینیی ئەوان بەگەورەیی، ئەوان زۆر هەوڵیاندا نەیانتوانی بەزوبانی خۆیان ئەوەمان پێبكەن، بەڵام دواتر كەدەكاتە ئێستای ئەمڕۆبە بەڕێگەپێدان و فەراهەمكردنی بوار بۆ هەندێك لە ناهونەرمەندە سەقەت و سوقەتانەمان بەپێدانی ئاوازو تۆماركردنی گۆرانیەكان لە وولاتەكانیان ئەمەیان بۆمەیسەر بوو و تاڕادەیەكیش براوەبوونە، ئەگەرچی تادوێنی بوو (تاتلیس) گۆرانی هونەرمەندی گەورەی كورد (حەسەن زیرەكی) دەگووتەوە، ئەمڕۆ ئێمە گۆرانیەكانی ئەوە و ئاوەزەتوركیەكان بەریزكردنی یەك دوو وشەی بەناوشیعری كوردی، ئاوازو سەداو ئادائی ئەو دووبارە دەكەینە، ئەوە دزینی ئاوازەكانی ئوم كەلسوم و عبدالوهاب و فریدو عبدالحلیم هەرمەپرسەلێی، ڕەنگە ئەمەش خەتاكەی لەومافیایانە نەبێت كەهەمووهەوڵیان تێكدان و شێواندنی زەوق و سەلیقەی كوردیە، ئینجا چی بەگووتن یان ئەنجامدانی ژمارەیەكی زۆری كلیپ كە لەگەڵ داب و نەریت و هزری كۆمەڵگاكەمان ناگونجێت، بگرە ئۆباڵی ئەمانە هەمووی لە ئەستۆی لایەنە پەیوەندی دارەكانە بەم پرسە، كەڕێگەیانداوە ئەو بەناوگۆرانی بێژو كلیپ كەرانە بەكەیفی خۆیان بەناوبكەوەن و ئەوانیش لە ئاستی ئەو فەزاعەتەوە بێدەنگ بن، كەوابێت بەڕاستی كاتی ئەوە هاتووە بیرێك لەم هەوڵە بدرێتەوە و

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:49 8-12-2007

هەمووشمان ئاوڕ لەشاكارو كارە هونەری ڕەسەنەكانی ڕابردوومان بدەینەوە و ئەوداهێنانە سەقەتەی ئێستاش كە گوێچكەكانمانی دوچاری پیس بوونی بیستن كردووە، لەگۆڕ بنرێن و بەوەش وەسف نەكرێن كە هەوڵی پێشخستن و بە مۆدێرنكردنی هونەری كوردیە، چونكە بەهەق ئەمە جگە لەگواستنەوەی میكرۆبی موزیكی بێگانە هیچی دیكە نیە، دەسا هیمەتی هەموولایەك بۆ پاكردنەوە و نەهێڵانی فایرۆسی هەراج كردنی هونەری كوردی و پاراستنی سیمای كەلتوری گەلەكەمان.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.